ئاوات قادر محمد:

# لە تەمەنی (7) ساڵیدا بووم گوێم لێبوو بە نەنکمیان گوت دایکی و باوکی و دووبراکەی و مامی لە ئێران گەڕاونەتەوە و بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون ...



ئا / دەریا گوڵمکەوەیی و کۆژین جاف

**(ئاوات قادر محمد) لە ساڵی 1981 لە گوندی (مالوومە) لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و کاری ئێستای کارگێری ئەنجومەنی کاروباری ئەنفالکراوەکانی شارباژێر- دوکانی دۆڵی جافایەتییە، لە کارەساتی ئەنفالدا، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا دایك و باوکی و دووبرای و مامێکی ئەنفالکراون، بۆیە وەك وەفایەك بۆ گیانی پاکی ئەم ئەنفالکراوانەو خستنەڕووی ژیانی ئەوکاتەی ئاوات چۆن بووە بە پێویستمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵ ئە نجام بدەین .**

**پ- / لە کاتی ئەنفالکردندا تۆ لە گوندەکەی خۆت بووی ؟**

*/ بەچەند رۆژێك پێش ئەنفالکردنی گوندەکەمان ، خۆم و دووبراو خوشکێکم لە لایەن باوکمەوە رەوانەی شاری سلێمانی کراین، لەدوای ئەو کاتەوە چاومان بە دایك و باوکمان نەکەوتەوە .

**پ- / چوونە کوێ ؟ کێ ئەرکی بەخێوکردنی ئێوەی گرتە ئەستۆ ؟**

*/ ئێمە چووینە لای نەنکمان کە دایکی باوکم بوو، لەخانووەکەی ئێمەدا دەژیان لە سلێمانی، لە بەرئەوەی زانیان کەس وکاری ئەنفالکراوین، خەڵکی نشتیمان پەروەرو خێرخواز هاوکاری ئێمەیان دەکرد،لەوکاتەدا برا گەورەکەم تەمەنی (9) ساڵان بوو ، برا بچوکەکەم تەمەنی (2) ساڵان بوو خوشکەکەشم تەمەنی (3) ساڵان بوو ، خۆشم تەمەنم حەوت ساڵ بوو ، ئێمە لەماڵی نەنکم دانیشتبووین، بۆ سەردانمان خزمەکانمان هاتن بۆ ماڵی نەنکم وئاگاداربووم لە گفتوگۆیاندا،لەوکاتەدا بەنەنکمیان گووت کە دایك و باوکیان و هەردوو براو خوشکە کەیان لە گەڕانەوەیاندا لە ئێران کە گەیشتوونەتە شارۆچکەی رانیە گیراون، بەر شاڵاوی ئەنفالکەوتوون بۆیە منیش لەوکاتەدا هەستم بە بێ سۆزی دایك و باوکم و بێکەسی کرد و خۆم لەوڵاتی خۆمدا بەغەریب زانی .



برا



مام



دایك



برا



باوك

**پ/ دوای ماوەی غوربەتی ئەوکارەساتە، چۆن ئێوە لەگەڵ نەنکتان، ژیانتان بەسەربرد ؟**

* / پاش دە رۆژ لە دوای بیستنی ئەوکارەساتە، رژێمی بەعس ئەمنی سلێمانی بە کتابی تایبەتی زۆر نهێنی ئاگاداریان کردینەوە ، کە خانووەکە چۆڵ بکەن، چونکە دەیڕوخێنین، لە بەرئەوەی زانیبوویان کە ئەم خانووە خانووی باوکی ئێمەیەو ئەنفالکراوە ، بۆیە خانووەکەمانیان داگیرکرد ،ئێمەش بەناچاری بەجێمان هێشت و لە بەرئەوە لەگەڵ نەنکماندا هەرشەوەی لە ماڵێکدا رۆژمان دەکردەوە ،

**پ/ ئێستا بەرێزتان لەوخانووەدا دەژین ؟**

*/ ئەوەی شایەنی باس بێت بە داخەوە ، تا ئێستا ئەو خانووەمان بۆ نەگەراوەتەوە.

پ/ ئێوە لەوکاتە دژوارەدا چۆن چوونە قوتابخانە ؟

*/ من تاکو سێ ساڵ نەمتوانی بچمە قوتابخانە ، بۆیە دواتر لەپۆلی یەکی سەرەتاییەوە دەستم کرد بە خوێندن و تا قۆناغی شەشم خوێند و دواتر بەهۆی نەبوونیەوە وازم لە خوێندن هێنا .

**پ/ تۆ تا چەند چاوەروانی گەرانەوەی دایك و باوك وخوشك و براکانت بووی ؟**

*/ ئێمە رۆژانە بیرمان دەکردن وبەردەوام دەمانگوت هەردێنەوەوپێیان شاد دەبینەوە، بۆیە لەرۆژی (2004/9/5) کاك کامەران کەلە دادگایی کردنی ئەنفال کاری دەکرد، هات بۆ گوندەکەمان و هەموومانی کۆ کردەوە و ئاگاداری کردین بێن بۆ سلێمانی پالاس بۆ چاوپێکەوتن، ئێمەش رۆژی دواتر چوینە سلێمانی پالاس، دووحاکمی ئەمریکی هاتن و پاش دوو کاتژمێر پرسیارکردن

لێمــان ، لـــه كــاتی گفتووگــۆ لەگەڵیانــدا دوو تەســـكەرەیان نیشـــان داین‌ووتیـــان ئەمانـــه دەناســـن،منیش پـاش ورد بوونـەوە سـەیرمكرد، یەكێكیان دایكمەو ئەوی تریان برا بچوكەكەم بوو، من خۆم و براگەورەكەم كە لە ویێبووین دەستمان كرد بەگریان، ئەوانیش كە ئێمەیان بینی دەستیان بەگریان كردو داوای لێبوردنیان لێكردین، وتیان دەزانین زۆرمـان ئـازاردان ، قسـەكانتان دەكەینـە شكات تا داد گایكردنی (سەدام).

**پ/ ئێوە كەستان شایەت حاڵبوون لەسەرتاوانی ئەنفال لە بەغداد ؟**

و / بەڵێ ، براگەورەكەم شایەت حاڵبوو لەبەغداد لەســـێیەم رۆژی دادگـــایكردنی ســـەدام و دارودەستەكەیدا ئامادەبوو، چەند وتەیەكی لەسەر تاوانـــەكانی ئـــەنفال گـــوت و دواترلـــەكاتی بەرێوەچـوونی دادگایكردنەكـەدا ئـەوەی شـایەنی بـاس بێت تەسـكەرەی بـاوك و دایـك و براكانمیان نیشــانداو لــەو كاتــەدا براگەورەكــەم غــەمگینی دایگرت و دەستی بـەگریانكرد، دەستی دایـە بتڵـە ئاوەكەی بەردەمی و ویستی بیگرێتـە سـەدام، بەڵام ئەو هاورێیەی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو نەیهێشت .

**پ/ ئەو تەرمانەی دۆزرانەوە زۆریان ئەنفالـەكانی دۆڵـی جافایەتی بوون ئایا كەسوكاری بەرێزتانی تێدابوو ؟**

و/ كاتێ كە لە راگەیەندنەكاندا بینیمان كە زۆرێك لـە گـۆرە بەكۆمـەڵكان دۆزراونەتـەوە لـە شـاری (موصل)، ئێمەش بەردەوام دەمانویست بزانین كە كەسوكارمانی تێدایە، بەڵام دوای هەڵدانەوەیان بە چـــەند بەڵگەیـــەك وەك ناســـنامەكانیان و جلوبەرگـەكانیان دەركـەتبوو كـە ئـەم رووفاتەنـە خەڵكی دۆڵی جافایەتین و ئێمەش كە بەمەمان زانی چـووین بـە دەنگیانـەوە ،كاتێـك كـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان رێورەسمیان بـۆ كـردن لـە هەولێر، ئێمە و زۆێك لەكەسوكاری ئەنفلكراوی ئەم رووفاتانـە بـانگ هێشـتكراین بـۆ هـەولێر، بـۆ بەشداریكردن لە هێنانەوەیان، بۆ قەزای دووكان، لـەوێ وادەركـەوت كـە هـەموو ئـەو بەڵگانـەی لەبەردەستابوون وایان دەرخست كە یەكەم روفات دایكی مـن بوو،كـە ئـەو جلوبەرگـەی كـە بۆمنداڵـە (9)مانگانەكەی ئامادەكرد بـوو، هـەر بەباوەشییەوە بوو، بەو جلوبەرگەشەوە زیندە بەچاڵیان كردبوو ، تەنانەت لە ژێر ئەوخۆڵەشەوە لە ئامێزی گرتبوو، مـن وەك كەسـوكاری ئـەنفال ئەمـە بـە شۆرشـێكی گـــەورە دەزانم كـــە دیـــارە هـــیچ كەســـێك لـــەم رووحەپاكانـە خۆیـان و بـیرو بـاوەری كودانـەیان نـەداوە بەدەسـتەوە ، بۆیـە سـەرەوەرییە بۆیـان كـە گیانی پاكیان بۆ بیرو باوەرو نشتیمان بەخت كرد .

**پ/ ئێمە هیچمان نەماوە بەرێزت دواوتەت چییە؟**

*/ هیـوادارم وەك كـورە ئـەنفالێك كـە ئـەو خـانووەی كـاتی خـۆی كـە باوكمـان بۆمـانی كـڕی كـە حیزبـی بـەعس لێـی داگیركـردین كـە تـا ئێسـا تاپۆكـەشمان ماوە ، داوا لە حكومەتی هەورێم دەكەم بەپێی یاسا ئـەو مافـەمان بـۆ بگەرێنێتـەوە ، كـەوەك باسمانكرد كـە چـۆن ئـەو خـانوە یـان لـێ داگیركردین،هـەروەها هیـوادارم حكومـەتی هـەرێم ئـەو خزمەتـەی كـە كردوویـەتی بـە كەسـوكاری ئـەنفال و ئاوردانـەوە لێمــان ، هـــەروەها لـــە هەڵدانـــەوەی گۆرەكانیـــان، هێنانـەوەی روفاتـەكانیان بـەس نـەبێت، بـەڵكو بەرنامـەی زیـاتر هـەبێت بۆكەسـوكاری ئـەنفال، خزمەتكردنیان .